# بۆ دانیشتوانی شارەكەی شێخ ئەحمەدی كاكی و عەولەسیسی قارەمان ... خاڵەحەمە

زۆڵە كوردیك رووتان تیدەكات بە ناوی (ابراهیم تاتلەس) كە هەموو گۆرانیە فۆلكلۆرەكانی ئیوەی ستەمدیدەی دزیوەو بە سۆزەوە پێشكەش بە خەزێنەی داتەپیوی توركی كردوە ئەم نارەسەنە لەشاری هەولێر پڕ بەقورگی هاوار دەكات و دەڵێت من توركم و لە هیچ جێگایەك ئەو پێشوازییەگەرمەم لێ نەكراوە... بەڵام من دەپرسم بۆ كورد وازوو رۆژگاری رابوردوی خۆی لەیاد ئەچێت؟، بەدرێژایی 35 سیوپێنج ساڵ دەردیسەری ژێر چەپۆكی رژێمی سەدام ئەم نارەسەنە بۆ تەنها جارێك سۆزێكی خۆی نەدا بە منالانی پاشماوەی ئەنفال و كیمیایی بارانی كوردستان كە دنیایی دەرەوەی كوردستانی هەژاندبوو... ئەم دنگ خۆشە توركە هاتە كۆپنهاگن كوردی باكوور بەسەدان شوشەی بەتاڵیان تێ گرت و سوكایەتیان پی كرد.
ئەی شۆخەكچانی شارەكەی ئەمەدی كاكی، ئەی كوڕانی رۆژی رەش و ڕاپەڕین پیشوازی لەم هونەرمەندە ناڕەسەنە مەكەن با سوكایەتیان پێ نەكات و بەسەرتانا بقیژێنی و بشیڕێنێ و بڵیت من توركم..
بەرای من لەسەر جادەو لە كۆڵان و لە ماڵاندا هەركەسە دەنگی (تەسجیل) ەكەی بەرز بكاتەوەو گۆرانیە دزراوەكانی كوردی بۆ پەخش بكەن تابزانێت ئەم نەتەوەیە چاك مافیاكانی تورك دەناسیت و فۆلكلۆری خۆشی پاراستوە..

خاڵەحەمە/دانمارك/2005/11/18